وەزیری نەوت و هاوتا ئیرانییەکەی وەبەرهێنانی هاوبەش لە کێڵگە نەوتییەکان تاوتوێ دەکات



جێگری سەرۆك وەزیران بۆ کاروباری ووزە و وەزیری نەوتی حەییان عەبدولغەنی لێگەڵ هاوتا ئیرانییەکەی وەبەرهێنانی هاوبەشی لەکێڵگەنەوتییەکان تاووتوێ کرد.

لە بەیاننامەیەکی وەزارەتی نەوتدا هاتووە : وەزیری نەوت لێگەڵ جێواد ئوجی وەزیری نەوتی ئێران کۆبوونەتەوە و ئاسۆی هاوکاری هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات لە بوارەکانی نەوت و گاز و پرۆژەی ژێرخانی ئابووری و وەبەرهێنانی هاوبەش لە کێڵگە نەوتییەکانی هاوبەشی نێوان هەردوو وڵاتدا تاوتوێ کرا.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بۆشکراوە : کۆبوونەوەکە لە پێراوێزی ئامادەبوونی جێگری سەرۆك وەزیران بۆ کاروباری ووزە و وەزیری نەوت لە حوتەمین لوتکەی کۆبەندی وڵاتانی هەناردەکاری غاز لە جەزائیر بوو